# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

---

## بۆکان لە بیرەوەریەکانی عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی دا(بەشی 1-4 کۆتایی)

### نامەی حەمەڕەشید خان و سەر لەشکر هومایونی

ئەو پۆستە(سەیتەرەیەی)کە لەمەوبەر باسمان کرد لەنێوان ڕێگەی سەرا، سەقز بۆ پشکنینی خەڵکی داندرابوو ، ڕۆژێ ماشێنێک لەسەقزەوە بەرەو سەرا دەیەوێ بروات ، لە کاتی پشکنین دا لەگیرفانی یەکێکیاندا نامەیەک دەدۆزنەوە کە لە سەرلەشکر هومایوونییەوە بۆ حەمە ڕەشیدخان نووسرابوو، هەروەها هێندێک کەل و پەل و شەکر و چاشی پێ دەبێ بۆ نێوبراو. کابرایان هێنایە لام بۆ قاراوا. هەرچەند نامەکە بە ئاسایی نووسرابوو بەڵام بەئاشکرا تێبینی ئەوەدەکرا کەنهێنیەک لەنێوان هەردووکیان دا هەبوو. هومایونی ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خان دەکرد . وێنەیەکی نامەکەم نووسیەوەو پاشان نامەو شتوومەکەکانم داوە دەست کابرا کەبیگەیەنێتە دەست حەمەڕەشیدخان . کۆپی ئەو نامەیەشم ناردەخزمەت حەزرەتی پێشەوا بۆ مهاباد . سەرکردەی پۆستەکە کە سەعید ئاغا بوو بەنهێنی تێم گەیاند کەلەوڵامی نامەکەی بۆ هومایونی گەلێک وریابێت و جا چ ژن بێت و چ پیاو بەوردی بپشکێنرێ و وڵامەکەبگیرێت.

ماوەی دە ڕۆژێک تێپەڕی کردبوو ، ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ لە پۆستەکەوە کابرایەکی پیری سەرسپی ، پشتێن سەوزی باڵابەرزیان هێنایە بنکەی قاراوا(شێخ مەلا حۆسێنی)ناو بوو. گەلێکی هەوڵ دابوو کە ڕێگەی بدەن بچێتە زیارەتی گۆڕی مەزارەکەی شێخی (دۆزەخ دەرە) کە کەوتبووە خواروی سەقزەوە بەڵام وازیان لێ نەهێنابوو و زۆر بەوردی پشکنی بوویان و شانەیەک بەسەر و ریش و مووەکانی بن باخەڵی دا دێنن و هەر لەبن باخەڵیدا نامەیەکی لوول دراو وەک کاغزەجگەرە دەدوزنەوە، کاتێک کە کردمەوە دیتم وڵامی حەمەڕەشید خانە بۆ هومایونی . گەلێک بە سەروپۆتەلاکی شێخ مەلا حۆسێن دا هاتمە خوارێ و پێم ووت : ئەرێ مەلا تۆ لە لایەک بە بەرگی مەلایەتی و لە لایەکی دیکەش بە پشتێنی سەوزی شێخایەتی و بەو تەمەن پیرایەتیە چ بەزمێکت لەجاسووسی داوە. ئایا تۆ هێندە تەمەنت لە ژیان دا ماوە، دڵ بەچ پاشەڕۆژێکت خۆش دەکەی کە خەیانەت و خۆفرۆشی لە میللەتەکەی خۆت دەکەی ؟ مەلا دەبێت نموونەی نیشتمان پەروەری بێت ، پێم وایەخوێندووتەوە کە(حب الوطن من الایمان) ە ئەوەی نیشتمانی خۆی خۆش نەوێ ئەوە ئیمانی نیە. ئایا کوردستان نیشتمانی تۆ نیە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی بۆ ماڵی دنیایە خەیانەتی لێدەکەی؟ دیارە بە کرێگیراویت ، ئیدی چی دیکەت لە وەزێتر پێ ناڵێم . پاشان مەلا سوێندی خوارد ئیدی جارێکی دیکە ببرای ببرای ڕێگای خراپەکاری و سیخوڕایەتی نەگرێت . نامەیەکیشم ناردەخزمەت حەزرەتی پێشەوا پاش ئەوەی کەوێنەیەکم بۆخۆم لەسەر گرتەوە.

هەر لەڕۆژانی کۆماری مهابادەوە تا کۆتایی پێهاتنی ، کە بەداخەوە دەڵێم ، چ ئەو نامانە و چ گەلێک نامەی تر و دوکومێنتی (وثائق) زۆرم لا بوون کە لە مەرگەوەڕ لە ماڵی سەید عەبدولائەفەندی نەهری لەگەڵ هەموو ناوماڵەکەمدا جێم هێشتبوون و لەبەر زرووفی نالەباری خۆم و هەڵاتنم هەر ڕۆژە بە لایەک دا گشتی فەوتان و بەدەستم نەکەوتنەوە.

دەست بەجێ پاش ئەو نامەگرتنە هێزێکم نارد و لە دوورەوە ئابلۆوقەی گوندی سەرایان دا بۆ ئەوەی خان هیچ دەرفەتێکی چوونە دەرەوەی نەبێت تا فەرمانێک لە کۆماری مهابادەوە دێت . پاش ئەوەی کە حەزرەتی پێشەوا نامەکەی بە دەست دەگا بە برووسکەیەک حەمەڕەشیدخان لەفەرماندەیەتی دەخات . دوابەدوای ئەوە حەمەڕەشیدخانیش نامەیەک بۆ پێشەوا دەنووسێ کە لەوێدا بەرگری لەخۆی و لەرابردووی دەکات و من تاوانبار دەکات کە گۆیا ناکۆکیم لەگەڵی دا هەیە و پیلانم بۆ داناوە. هەر لەو نامەیەدا دەنووسێ بەنامەی ڕەییس بەکرێکی نەناسراو منت شکاندوە و لە فەرماندەییت خستووم بەڵام من کابرایەکی نیشتمان پەروەرم ...هتد . بەڵام نامەکەی لای پێشەوا پووچەڵ کرابۆوە. پاش سێ ڕۆژێک لە ناکاو مەلا مستەفا گەیشتە قاراوا. بە درێژی مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە ئەویش فەرمووی : حەمەڕەشید خان مەسەلەکەی

وا بۆ پێشەوا هۆنیوەتەوە کە گۆیا ئەوە پیلانێکەو تۆ داتناوە و لەبەر خاتری من بوە تا ئەو لەم مەیدانەدا هیچ دەسەڵاتێکی نەمێنی و من جێگەی هەموو دەسەڵاتی ئەو بگرمەوە.

لە وڵام دا بەرێز مەلا مستەفام ئاگادارکرد کە ئێمە لە کوردستانی عێراقەوە لە گەڵ هێزی بارزانیەکاندا هاتووین خۆشمان بە سەربازی بەرۆحیەت و خەباتگێر دەزانین و لەسەنگەری دژ بە دوژمن داین لە پێناوی مافی کورددا. لەوانەیە لەو رێگا پیرۆزەدا شەرفی شەهیدبوونیشمان پێ ببرێت و بۆ هیچ مەبەست و بەرجەوەندیەکی تایبەتی خۆمان نەهاتووین جگە لەوەی کە پاراستنی کۆمارەکەمان لەپیلان و دەستدرێژی کردنی دوژمن لە هەموو شتیکی دیکە لا گرینگترە، هەروەها زۆر نامەردیە بۆ کەسێک کە خۆی بە دڵسوز و کوردپەروەر بزانێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی یان تێخوێندنەوەی خزمایەتی یا خود برادەرایەتی و خۆشەویستی یەکێک هەستێ بە تاوانبار کردنی مرۆڤێکی پاک و کوردێکی خاوێن یا خود پڵانی بۆ درۆست بکات و پاشەڵ پیسی بکات. ئەمە خوو رەوشتی کەسێکی پاک نیە، لەبەر ئەوە من خۆم گەلێک لە وە بە بەرزتر دەزانم و لە بنەماڵەیەکی واش نیم کەئەو جۆرە رێگایە بگرمەبەر . بەدڵنیاییشەوەدەڵێم گەر گومانم لە خۆفرۆشی و نادڵسۆزی هەر کەسێک هەبێ ئەوا بەگوێرەی توانا و دەسەڵاتم رێی لێ دەگرم . ئەی گۆیا ئێمە سەربازی کوردستان نین؟ تۆبڵێی شەڕکردنەوەمان لەسەنگەری دژ بەدوژمندا سەیران و رابواردن بێت ؟ گەلێک شادمانم کەهەر کوردێک ببینم جگەر سۆزی نەتەوەکەی بێت . بەڵام مخابن لەو رۆژەی کە حەمەڕەشیدخان بوەتە فەرماندە و هێزی بارزانیەکانی خراوەتە بن دەست هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکردوە کە بەرژەوەندێتی تێدا بووبێ . بەڵکو بە پێچەوانەوە کە دژی ئەو بەرژەوەندیە بوەو هەموو شت لەپێناوی سوودی تایبەتی خۆیدا بوە. دەسا پێوەندی کردنی خان لەگەڵ هومایوونی دا بەچ دەقەبڵێندرێ ، ئەمە لە کاتێکیش دا کە لە گردی مامەشا ژومارەیەک لەجوامێرانی قارەمانی کوردی بە شەهیدکردن دا جگە لە ژومارەیەکی زۆر لەبریندار. ئێمە پێمان خۆش بوو کە حەمەڕەشیدخان سەرکردەیەکی دڵسۆزی وابایە کە سەری هەموومانی بڵیند بکردبایەو ببوایە بە نموونەیەک بۆ گشت سەرهۆزەکانی کورد بەڵام مخابن کەوا دە رنەچوو.

ئەوجا مەلا مستەفا ئاگاداری کردم کە دەیەوێ بچێتەسەرا بۆ دیدەنی حەمەڕەشیدخان بەڵام من ئەو چوونەیم بەباش نە زانی چونکە مەترسیم هەبوو کە خیانەت لە مەلا مستەفا بکا بەڵام وەک پێی وتم کەچوونی بۆ ئەوێ بەرژەوەندی تێدایە. بەر لەوەی بچێت نامەیەکی بۆ حەمەرەشیدخان نووسی ، لەوڵامدا خان نووسیبووی : خۆشحاڵم بەهاتنەکەت بەڵام تکایە رەییس بەکر لەگەڵ خۆت نەهێنی چونکە ناحەقی لەگەڵمدا کردوە و دوژمنمە و نامەوێ چاوم پێی بکەوێ. ئەو رۆژە مە لا مستەفا بەخۆی و سی چەکدارەوە چووەسەرا . شەو کە گەڕایەوە لە گەڵ یەک دانیشتین و فەرمووی : ئەو کابرایە رووخاوە، ئەڕواتەوە عێراق ، رێگای بۆ چۆڵ بکە، نامەوێ کوشتاری لێ بکرێ هەرچەندە کە دەزانم تاوانەکە گەورە و ئاشکرایە. پێم ووت گومانم لەوەدانیە خۆ ئەگەنا بۆچی بەرەو عێراق هەڵدێت . با لە مهاباد بمێنێ و بێ تاوانی خۆی بسە لمێنێ ، جا من بە پیویستی دەزانم کە ئەو کابرایە بدرێتەدادگا و سزای خەیانەتکاریەکەی وەربگرێ و تاوانەکانیشی بۆ هەموو کەس ئاشکرابێت ، بەڵام مەلا مستەفا رێگای نەدام . ناچار بووم کەرێگەی چوونە دەرەوەی لە سەرا بۆ چۆڵ بکەم و ئەویش بەرە و عێراق رویشت .

**دروست بوونی تیپێک لەکۆماری کوردستان دا**

دوای رۆیشتنی حەمەڕەشیدخان فەرمانێک دەرچوو کە مستەفا خۆشناو ببێتە جێ نشینی ، لەهەمان کاتیش دا فەرمانێکی دیکە دەرچوو کە تیپێک (فرقەیەک) بەنێوی جەبهەی سەردشت ، بانە پێک بێت چونکە ئەو نێوچانە گەلێک ئاڵۆزی تێکەوتبوو و هەرچی دێهاتی گەورە بوو لەلایەن عەشیرەتەکانی بانەوە سووتێندرابوون ، تەنانەت کاک عەوڵاخان و عە شیرەتەکەی ئاوارەبوون و گشتیان لە نێوچەی ڕەبەت گیرسابوونەوە. بۆ فەرماندەیی ئەو تیپە من هەڵبژێردرام بەڵام بە رلەوەی فەرمانەکەم بەرەسمی بەدەست بگات مۆلەتی پشوودانم وەرگرتبوو کە بچمە مهاباد . لەقاراوا دەرچووم و گە یشتمەبۆکان . لەوێ بەرێز شێخ ئەحمەد بارزانیم بینی و کاک عێزەت عەبدولعەزیزیشی لەگەڵدابوو. بارزانیەکی زۆریش جەبهەی سەقزیان بەجێ هێشتبوو و هاتبوونە ئێرە. زۆربەیان سەر بە بەتالیونی 3 ی من بوون . جەنابی شێخ ئەحمەد کە چاوی پێم کەوت فەرمووی بۆ کوێ دەچی، ئەو هەموو بارزانیە بۆ هاتۆتە ئێرە؟ پێم ووت منیش سەرم سووڕ ماوە کە بۆچی جێگەی خۆیان بەجێ هێشتوە رەنگبێ بۆ زیارەتی جەنابتان هاتبن. منیش مۆڵەتم هەیە کە بۆ رۆژێک بچمە مهاباد

و لەوکاتەوە کە لە جەبهەی شەڕداین پشووم نەداوە. پێم وایە کە یەک لەو ئەفسەرانەی هەر لە مهاباد دانیشتوون ماوەیە ک بچنە جەبهە.

لێرەدا کاک عێزەت بە وڵام هات ووتی نەخێر بیستوومانە لە مەلا مستەفا زوێر بوویت بۆیە دەچیتە مهاباد . ئەو بارزانیانە ش بەر لەوەی کە جەنابی شێخ ئەحمەد بێت هەروایان زانیوە بۆیە جەبهەیان بەجێ هێشتوە. حەزرەتی پێشەوا داوای لەجەنابی شێخ کردوە کە بێت تا نەهێڵێ ئەو جەبهەیە بەجێ بێڵن چونکە هیچ هێزێکی دیکە نیە کە ئەو جەبهەیە بپارێزێ و پێشی دوژمن چۆڵ دەبێت . ئەوجا جەنابی شێخ ئەحمەدیش فەرمووی : من پێم خۆشە کە مستەفا خۆشناو لە جێیەکی دیکە دەست بەکار بێ (دواتر بوە بەڕێوەبەری پولیسی مهاباد) ئێستەش لەزمانی منەوە بە بارزانی بلێ کە پێویستەهەر هەموویان بگەڕێنەوە جێگای خۆیان . لەوڵام دا پێم وتن کاک عێزەت هیچ کاتێک ئەوە لە من روونادات کە دڵم لە مەلا مستەفا بڕەنجێ ، چونکە ئەو زیاد لەپێویست رێزم لێ دەگرێ و گشت ئەفسەرەکانیش لای مەلا مستەفا رێزیان هەیە بە تایبەتی من کە خۆم وەک عوبەیدولا داناوە. جا ئەو هەواڵەی کە تۆ بیستووتە و لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت راست نیە. پاشان لە جەنابی شێخ ئەحمەدم پرسی بۆچی لە موستەفا خۆشناو زوێرن بە تایبەتی کە ئەویش لە دلسۆزی دا وەک هەر یەکێک لە ئێمە وایەو خەباتێکی زۆری کردوە و قوربانی بەخۆی دەدات . فەرمووی چما نازانێ کە شتێکی لەسەر بارزانیەکان نووسیوە؟ پێم ووت کەهیچ شتێک ئاگادارنیم و لەراستیشدا نەمدەزانی کەچی نووسیوە. فە رمووی نووسیوێتی کەبارزانیەکان شەڕ ناکەن ، بەکەڵکی هیچ نایەن ، جێگای متمانەنین ، پێویستە هێزێکی دیکەی نا بارزانی (بارزانی نەبێت) بێتە جەبهەو ئەوانە بگەڕێنەوە نێو عەشیرەتەکەی خۆیان و بەکەڵکی سەربازی نایەن.

راستەکەی سەرم سووڕما چونکە هەمووی یەک هەفتە دەبوو کە لێپرسراوێتی ئەو جەبهەیەی وەرگرتبوو، ئەوجا تێناگەم کە بۆچی ئەوە هەڵوێستی بوو . گەلێک هەوڵم دا قەناعەت بەجەنابی شێخ بکەم کە رەنگ بێت ناحەزێک ئەو قسانەی هە ڵبەستبێت و مستەفا خۆشناو شتی وای نەوتبێت بەڵام ئەو بڕوای تەواوی وابوو کەمستەفا خۆشناو ئەو قسانەی کردووە و لەبەر ئەوە نەیدەویست کە ئەو ببێتە فەرماندەی بارزانیەکان و فەرمووی کە دەبێ من بچمە جێگای مستەفا خۆشناو. پێم ووت جەنابی شێخ پێویستە بەر لەهەموو شتێک بارزانیەکان بگەڕینەوە جێگای خۆیان منیش جارێ دەچمە مهاباد و پێویستم بەپشوودان هەیە. لە رێگای مهاباد وارێکەوت کە شێخ محەمەد خالیدی شیخ ئەحمەد و شێخ جەمالی شێخ ئەحمە د بۆ ئەوێ دەچوون.

رۆژی دوای ئەوەی کە گەیشتمە مهاباد چوومە سەردانی حەزرەتی پێشەوا کە لەوێ کۆمەڵێک لە سەرۆک عەشیرەتە کانی لەخزمەت دابوو . کە چاوی پێم کەوت فەرمووی : بۆچی وا درەنگ هاتی، ئەوا چەند رۆژێک دەبێت کەناردوومە بە شوێنتا و چاوەڕێت دەکەم . پێمکوت کە هیچ فەرمانێکی بەوجۆرەم بۆ نەهاتوە، ئێستاش کە لێرەم بەهۆی پشوودانی خۆمەوە هاتووم. ئەوجا فەرمووی ، هەر چەندە ئەوڕۆ فریا ناکەوی بەڵام هەر لە ئێستەبەدواوەهەرچی سەربازیکی بارزانیت لە نێو مهاباد دیت و دەستت دەکەون کۆیان بکەرەوەو سبەینێ دەچیت بۆ رەبەت .